# (دە بەسە)

نەوزاد وەلی

جەلال تاڵەبانیی کە تاکە ڕۆژێك لە ژیانیدا کاری پارێزەریی نەکردووە ، تەنانەت بەڵگەنامەکەشی وەرنەگرتووە! کەسیش نازانێت لە کوێ ئیمزای دژی سزای لەسێدارەدان کردووە! تەنانەت دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەنك بۆ تەنیا جارێکیش ئەو دۆکیومێنتە بڵاوناکەنەوە کە تاڵەبانیی ئەو ئیمزایەی لەسەر کردووە!

تاڵەبانیی دژی لەسێدارەدانی سەدامە! بەڵام تا دوێنێ بوو خوێنی شیوعیەکانی پشتئاشانی ئەڕشت! ئەمڕۆش لە کوردستان کۆمونیستەکان زیندانیی ئەکات! لە هەمان کاتیشدا بانگەشەی ئازادیی و دیموکراتیی بۆ عێراق ئەکات!!!

ئەگەر تاڵەبانیی و (یەنکەکەی) ئەوەندە مرۆڤدۆست ، دادپەروەر و میهرەبانن! ئەرێ لەو هەموو دەزگا ڕاگەیاندنە زۆر و زەبەندەی یەنك و هێرۆخان و ئازاد جوندیانی ، ناکرێت هۆی زیندانییکردنی ڕێبوار عارف ڕابگەیەنن!!!

ئایا مامەی بەناو پارێزەر و پارێزەرەکانی یەنك و حکومەتەکەی سلێمانیی ، ئەو ڕاستییە نازانن کە لەم سەردەمەی ژیانی مرۆڤایەتی و دیموکراتییدا ، نابێت مرۆڤ زیادتر لە بیست و چوار کاژێر ڕابگیرێت (تەوقیف بکرێت)؟ ئەگەر زیادتر ڕابگیرێت ، ئەوا ئەبێت داواکاری گشتیی (گومانی) تاوانەکەی ڕابگەیەنێت!!

ئەبێت تاوانی کۆمونیستێك ، ڕێبوار عارفێك چی بێت؟ لەوە زیادتر کە پشتگیریی خوێندکارە مانگرتووەکانی سلێمانیی کردبێت!!!

ئایا مانگرتن و خۆپێشاندان تاوانن؟ یان ساکارترین مافە بنچینەییەکانی مرۆڤن و بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتیی و نەتەوەیەکگرتووەکان پارێزراون!

لە ڕاستییدا دەستگیرکردنی ڕێبوار عارف و هەرچ هاونیشتمانییەك لەسەر بنەمای مانگرتن ، خۆپێشاندان و دەربڕینی بیروڕا ، تاوانە و لێبوردنی نیە! بۆیە ئەبێت بێ مەرج ئازاد بکرێت و داوای لێبوردنی لێبکرێت و (ئەگەر دادگاش لە سلێمانیی و کوردستاندا هەبێت!) ، ئەوا ئەبێت ئەو کەسانە بدرێن بە دادگا کە ئازادیی ڕێبوار عارف و مرۆڤ زەوتئەکەن!

ئەوەی کە ئەمڕۆ لە سلێمانیی بەرامبەر بە ئەندامێکی حککع کراوە ، سبەینێ بەرامبەر بە ئەندامی هەر حیزب و لایەن و کەسێکی تریش ئەکرێت کە نەچێتە ژێر باری ئەو دوو حیزبدەسەڵاتەوە و گیانی لەخۆبوردەیی هەبێت و بە ئاشکرا ڕەخنە لە دوو حیزبدەسەڵاتی خێڵەکی باشوری وڵاتمان بگرێت!

پێویست و ئەرکی سەرشانی هەموو ڕۆشنبیر ، دیموکرات ، پێشکەوتنخواز و چەپەکانی کوردستانە کە ناڕەزایی دەربڕن و سنورێك بۆ دەسەڵاتی (بێ سنوری) ئەم دوو حیزبدەسەڵاتە دابنێن!

ئەبێت هاونیشتمانییانی کوردستان ئەو ڕاستییە بزانن کە ئەمڕۆ دوو حیزبدەسەڵاتەکەی باشور وەك جاران پەلاماری حیزبی شیوعی کوردستان داش عێراق و لایەنە چەپەکان نادەن و قەسابخانەی پشتئاشانیان بۆ دروستناکەنەوە! لە میهرەبانیی خۆیانەوە نیە! بەڵکوو لەوەوەیە کە زۆربەی سەرکردەکانی ئەو لایەنانەیان خەساندووە و بە پارچە زەوی ، موچەی ماڵنشینیی و علوج و ملوج ، کوێر و کەڕ و لاڵیان کردوون! و دەمێکە لە بیروباوەڕەکانیان تەکیونەتەوە!

ئەگەر وا نەبووایە! ئەوا ئەبووایە لەگەڵ ئەوەشدا کە لایەنە چەپەکان لەناو خۆیاندا جیاوازیی فیکرییان زۆرە ، بەڵام ئەبووایە هەرگیز بێدەنگ نەبوونایە لەو کردەوە فاشیستییانەی کە بەرامبەر بە کەسانی چەپ و کۆمونیستەکان ئەکرێن!

دەبا بە یەك دەنگ و بە یەك دەست سنورێك بۆ مشەخۆرەکان و زۆردارانی گەلەکەمان دابنێیین و نەیەڵین پشتئاشانی چوارەم رووبدات!

دەبا رۆشنبیران ، چەپەکان ، هەژاران و چەوساوەکانی گەلەکەمان یەکبگرن و بەرەیەکی جەماوەریی بەرفراوان دروستبکەن ، دژی دەسەڵاتی خێڵەکی و مشەخۆری باشوری وڵاتمان.

دەبا ئیتر جەماوەری ستەمدیدەی گەلەکەمان بە زورنایان هەڵنەپەرێت و هۆشی بێتەوە بەر خۆی.

ئەوەی پێی ئەڵێن دیموکراتیی ، لە لای ئەو دوو حیزبدەسەڵاتە خێڵەکییە بە خەویش نابینرێت!

چاوەرێی چ جۆرە دیموکراتییەك لە (پارتی)یەك ئەکرێت کە بە درێژایی پەنجا و نۆ ساڵی تەمەنی ، تەنیا دوو سەرۆکی هەبووە و هەیە!!!

چاوەرێی چ جۆرە دیموکراتییەك لە تاڵەبانیی ئەکرێت کە پەنجا و سێ ساڵ لەمەوبەر کەسی دووەم بووە لەو پارتییەدا و لە شەست و شەشیشەوە تا ئێستا کەسی یەکەمە لەناو یەکیەتیەکەیدا!!!

زۆربەی گەلان لەم دواییانەدا راپەرین و دەسەڵاتە زۆردارەکانیان روخاند و دەستوری مرۆڤانە و دادپەروەر و پێشکەوتنخوازانەیان دانا ، وا گەلی لبنانیش خەریکی راپەرینە و گەلی میسریش بزوتنەوەی (کیفایە)ی دەستپێکردووە!

دەبا لایەنە چەپەکان ، نیشتمانپەروەرەکان ، نەتەوەپەروەرەکان ، رۆشنبیران ، ئافرەتان ، پێشکەوتنخوازان و جەماوەری ستەمدیدەی گەلەکەی ئێمەش ، بزوتنەوەی **(دە بەسە)** دروست بکات و ئاوات و ئامانجەکانی ساڵەها ساڵەی بهێنێتە دی.

دە بەسە.. تا کەی زەلیلیی؟

دە بەسە.. کەی ئێمەی کورد ئەوەندە بێدەسەڵات و کڵۆڵ بووین لە رووی زۆرداریپیدا!! زۆردار هەر زۆردارە ، گەر خۆماڵیی بێت یان بێگانە!

2005-5-10